بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٦) ساڵی یەکەم ١١/١٢/٢٠٠٠زاینی (٢٠)ی سەرماوەز ٢٧٠٠ی کوردی (١٥)ی رەمەزان ١٤٢١ی کۆچی

## لەم ژمارەیەدا :


- **یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٠**

  یاسای دابڕکردنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرگری شارستانی لە وەزارەتی ناوخۆ

- **یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٠**

  یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢)ی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری

- **یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٠**

  یاسای نرخاندنی یەکە کارەباییەکان و ئامرازەکانی

- **بڕیاری ژمارە (٢٦) لە ٢٠٠٠/١١/١٣**

  لە کارخستنی بڕیاری ژمارە (٨١٥)ی ئەنجومەنی فەرماندەی شۆڕشی عێراق رۆژی ١٩٨٢/٦/٢٠


ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

العدد (٦) | السنة الاولى | ١١/١٢/ ٢٠٠٠م | (٢٠) سەرماوەز ٢٧٠٠ ك | (١٥) رمضان ١٤٢١ هـ

## في هذا العدد

• **قانون رقم (٩) لسنة ٢٠٠٠**

قانون فك أرتباط مديريات الدفاع المدني من وزارة الداخلية

• **قانون رقم (١٠) لسنة ٢٠٠٠**

التعديل الأول لقانون وزارة الزراعة والري رقم (١٠) لسنة (١٩٩٢)

• **قانون رقم (١١) لسنة ٢٠٠٠**

قانون تحديد أسعار الوحدات الكهربائية ومستلزماتها

• **قرار رقم (٢٦) في ٢٠٠٠/١١/١٣**

قرار أيقاف العمل بقرار مجلس قيادة الثورة العراقي المرقم (٨١٥)لسنة (١٩٨٢)

• **تعليمات منح الأجازات الدراسية للموظفين**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان

www.mojkurdistan.com

سعر النسخة (٥) دنانير

البدالة ( ٤٣٥٣ – ٤٣٥٢ - ٤٣٥١ - ٢٠٥١٢ )

**بە ناوى خواى گەورە و ميهرەبان**

**بە ناوى گەلەوە**
**ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق**
**ژمارەى بريـــار: ٢٤**
**مێژووى بڕيـــار: ٢٠٠٠/١١/١٢**

**(( بـڕيـــار ))**

لەسەر ئەو ياساكارييەى كە ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق لە دانيشتنى ژمارە (١٤)ى رۆژى (٢٠٠٠/١١/١٢)يدا بە پێى حوكمى برگە (١)ى ماددەى (٥٦) لە ياساى ژمارە (١)ى هەمواركراوى سالّى (١٩٩٢) ئەنجامى داوەو ، بە پێى ئەو دەسەلاّتەش كە برگە (٣)ى ماددەى دووەمى ياساى ژمارە (١٠)ى سالّى (١٩٩٧) پێمانى داوە ، بڕيارى دەرهێنانى ئەم ياسايەى خوارەوەمان دا :

## ياساى ژمارە (٩)ى سالّى (٢٠٠٠)
## ياساى دابڕكردنى بەڕێوەبەرييەكانى بەرگرى شارستانى لە وەزارەتى ناوخۆ

**ماددەى يەكەم :**

دابڕينى بەڕێوەبەرييەكانى بەرگريى شارستانيى هەموو پارێزگاكانى هەرێم بە هەموو ميلاك و ئۆتۆمبيل و ئاليات و جيهازو مولّك و مەركەزى ئاگر كوژاندنەوەيانەوە لە وەزارەتى ناوخۆو ، بەستنەوەيان بە وەزارەتى شارەوانى و گەشت و گوزارەوە لە رووى لايەنى فرمانى و هونەرييەوە .

**ماددەى دووەم :**

پۆليس و ئاگركوژێنەوە هەمان روتبەو پلەى ئێستاى فرمانەكەى خۆى دەبێت و ياساى ژمارە (١)ى هەموار كراوى سالّى ١٩٧٨ى خزمەت گوزارى و خانەنشينيى هێزەكانى ئاسايشى ناوخۆى بەسەردا دەخرێتە كار .

**ماددەى سێيەم :**

لايەنى دامەزراندن و ترقيە و خانەنشينى و دەست لەكار هەلگرتنى كەسانى سەر بە هێزەكانى ئاسايشى ناوخۆ لە بەڕێوەبەرييەكانى بەرگرى شارستانيدا ، لە وەزارەتى ناوخۆ دەمێنێتەوە .

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان

**ماددەى چوارەم :**

هەمان ئەو دەسەلاّتەى كە بە پێى ياساى سزا سەربازييەكانى ژمارە (١٣)ى هەمواركراوى سالّى ١٩٤٠ و ياساى ئوسولّى دادگايى سەربازيى ژمارە (٤٤)ى هەمواركراوى سالّى ١٩٤١ بە وەزيرى ناوخۆ

www.mojkurdistan.com

دراوه ، به وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار دەدرێ بۆ سزادان و بە دادگا دانی ئەوانەی لە بەڕێوەبەراییەکانی بەرگریی شارستانیدا سەر بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆن .

**ماددەی پێنجەم :**

هەر دەقێك پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێ کاری پێ ناکرێ .

**ماددەی شەشەم :**

پێویستە وەزارەتە پەیوندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار .

**ماددەی حەوتەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وقایعی کوردستاندا ، دەخرێتە کار .

**د . ڕۆژ نـــوری شـــاوەیــس**
**ســەرۆکی ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردســتانی عێــراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## بە ناوی خوای گەورەو میهرەبـان

**بە ناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیــــار: ٢٥**
**مێژووی بڕیــــار: ٢٠٠٠/١١/١٣**

(( بـڕیـــــار ))

پشت بەو یاساكارییەی كـە ئەنجومـەنی نیشتمانیی كوردسـتانی عێـراق لـە دانیـشتنی ژمـارە (١٥)ی رۆژی (٢٠٠٠/١١/١٣)یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێی حوكمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسـای ژمـارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەش كە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاسـای ژمارە ( ١٠ )ی ســـاڵی ٢٠٠٠
## یەكـــەم هەمـواركـــردنی یـــاســــای ژمارە ( ١٠ )ی سـاڵی ( ١٩٩٢ )ی
## وەزارەتـــی كشـتوكاڵ و ئاودێــــری

**ماددەی یەكـەم :**

ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (١٠)ی سـاڵی (١٩٩٢)ی وەزارەتـی كـشتوكاڵ و ئـاودێری هـەموار بكـرێو بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێنرێتـەوە :

**ماددەی چوارەم :**

پێكهێنەكانی وەزارەتەكە ئەمانەن :

١. نووسـنگەی وەزیـر .
٢. نووسینگەی بریكـاری وەزارەت .
٣. بەڕێوەبەریی گشتیی دیـوان .
٤. بەڕێوەبەریی گشتیی زەویوزاری كشتوكاڵ .
٥. بەڕێوەبەریی گشتیی هێلكاریو بەدواداچوون
٦. بەڕێوەبەریی گشتیی باخ و جەنگەڵ و لەوەڕگاكان .
٧. بەڕێوەبەریی گشتیی ئەبحاس و ڕێنمایی كشتوكاڵ كردن و توتن .
٨. بەڕێوەبەریی گشتیی ئاودێریو سەرچاوەكانی ئاو .
٩. بەڕێوەبەریی گشتیی سامانی ئاژەڵ و بەیتەری .
١٠. بەڕێوەبەرییە گشتییەكانی كشتوكاڵ لە پارێزگاكانی هەرێمدا .

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان

**مادەی دووەم :**

ماددەی شەشەم هەمواردەكرێو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

www.mojkurdistan.com

**ماددەی شەشەم :**

١. وەزیـر ، بۆ جێبەجێ کردنی ئەرك و فرمانی دیارکراو ، بۆی هەیـە دەسـتەو لیژنـەی دایمیـو کاتەکی (رەفتەنی) پێك بهێنێ.
٢. وەزیر ، بە پێی پێویست ، بۆی هەیە کردنەوەو ، تێکەڵکردنی بەڕێوەبەری و بەش و هۆبـەکان ، ئەنجام بدات .
٣. ئـەرك و فرمـان و دەسـەڵاتی پێکهاتـەکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرییـە گـشتییەکان و ، بەڕێوەبەرییەکانی ناویان و دەستەکانیش ( الهیئات ) بەپێی پێـڕۆ دیاری دەکرێن .

**ماددەی سێیەم :**

شیرکەتی بیری ئیرتیوازی لێ دان و مەرکەزەکانی لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵی و تەتبیقییەکان ، کـە لە بـڕگـە نۆی ماددەی چوارەمی یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (١٩٩٢)دا هـاتووە ئیلغـا دەکرێـو هـەر موڵك و ماڵێکیشی بووبێ ، موڵك و ماڵی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریی هەرێمن .

**ماددەی چـوارەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار .

**ماددەی پێنجـەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکـــردنەوەی لە وەقـــایعی کـوردسـتاندا ، دەخـرێتە کار .

**د . رۆژ نـــوری شـاوەیــس**
**ســەرۆکی ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردســتانی عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیــــار: ٢٧**
**مێژووی بڕیــــار: ٢٠٠٠/١١/١٥**

**(( بــڕیـــــار ))**

پشت بـەو یاساکارییەی کـە ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق لـە دانیـشتنی ژمـارە (١٦)ی رۆژی (٢٠٠٠/١١/١٥)یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێی حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لـە یاسـای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، بە پێی ئەو دەسەلآتەش کە برگە (٣)ی مـاددەی دووەمـی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

**یاســای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٠)**

**یاســای نرخانــدنی یەکــە کارەباییــەکان و ئامــرازەکــانی**

**ماددەی یەکــەم :**

وەزیـــــری پیشـــەســـازی و وزە بـــۆی هەیــــە نرخـی یەکـــــە کارەباییەکـــان و ئـامراز ( مستلزمات )ە کارەباییەکانی سەر بە وەزارەتەکە دابنێو کرێی موحەویلە کارەباییەکانیش کـە هـەن ، دیار بکات .

**مادده دووەم :**

حوکمـەکانی مـاددەی یەکـەمی ئـەم یاسـایە ئـەو نرخانـەش دەگرێتـەوە کـە پێـشتر وەزارەتـی پیشەسازی و وزە لە هەرێمدا ئیقراری کـردووە .

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیـران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کـار

**ماددەی چوارەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی ئەم یاسایە بێ کـاری پێ ناکـرێ .

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی پێنجــەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکــردنەوەی لە وەقــایعــی کــوردســتاندا ، دەخــرێتــە کـار .

**د . رۆژ نــوری شــاوەیــس**

**ســەرۆکی ئە نجــومەنی نیشتمانیی کوردســتانی عێــراق**

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیــــار: ٢٦**
**مێژووی بڕیــــار: ٢٠٠٠/١١/١٣**

## (( بــڕیـــــار ))

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٥)ی رۆژی (٢٠٠٠/١١/١٣)یدا بە پێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە ، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دا :

١. لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا / بڕیاری ژمارە (٨١٥)ی رۆژی (١٩٨٢/٦/٢٠)ی ئەنجومەنی فەرماندەی شۆڕشی عێراقی لە کارخــرا .

٢. ئەوانەی کە بەهۆی کارەساتی (مەرکەبە)وە وەبەردەکەون یان گیان لە دەست دەدەن ، چ خۆیان چ کەس و کاریان ، لەبەردەم دادگا پێوەندیدارەکاندا داوای قەرەبوو لەسەبەبەکار بکەن .

٣. حوکمەکانی ئەم بڕیارە ، ئەو کارەساتانە دەگرێتەوە کە دوای وەکارخستنی روودەدەن .

٤.هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێ ، ناخرێتەکار .

٥. پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنەکار .

٦. ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقــایعی کـوردستاندا ، دەخــرێتـە کار.

**د . رۆژ نــوری شــاوەیــس**
**ســەرۆکی ئە نجــومەنی نیشتمانیی کوردســتانی عێــراق**

ئــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## (( هۆكارە پێویستەكان ))

ئوتومبێلەكان ، بەگشتی بەر لەوەی حكومەتی مەركەزی ئیدارەكانی خۆی لە هەرێم بكێشێتەوە ، هەر هەموویان بە پێی یاسای ژمارە (٥٢)ی ساڵی ١٩٨٠ بە ئیلزامی بیمەكرابوون و ، شیركەتی بیمەكردنی نیشتمانیی عێراقیش ، كاتی خۆی قەرەبووی زەرەرمەندانی رووداووكارەساتی ئوتومبێلی لەو قیستانەی كە خاوەن ئوتومبێلەكان دەیانداو لەو رێژەیەی كە لە داهاتی پەترۆڵ بۆی دیاری كرابوو دەكردەوە ، جا شیركەتی بیمەكردنی نیشتمانیی عێراقیش كە دەزگاكایەكی مەركەزی بوو و ، پارەی پێویستی بۆ قەرەبوو كردنەوەی زەرەرمەندان بە هەموو لقەكانی خۆی دەداو ، لەبەر ئەوەش كە بەهۆی كێشانەوەی ئیدارەكانەوە پەیوەندیی ئەو شیركەتە لەگەڵ نووسینگەكانی ناو هەرێمیدا پچڕاوەو نەماوەو ، هەرێمیش لەو رێژە دیاریكراوەی داهاتی پەترۆڵە بێ بەش كراوەو ، ئێستاش حكومەتی هەرێم توانای زیندوو كردنەوەی ئەو شیركەتەی نییە كە بەپێی بڕیاری ژمارە (٨١٥)ی رۆژی ١٩٨٢/٦/٢٠ بتوانێ ئیلتیزاماتی خۆی بەجێ بهێنێ ، لەبەر ئەوەش كە بڕیاری ناوبراو دادگاكانی لەوە قەدەغەكردووە گوێ لەو دەعوایانە بگرێ كە زەرەرمەندان بەپێی حوكمەكانی یاسای ژمارە (٥٢)ی ساڵی ١٩٨٠ی بیمەكردنی ئیلزامی داوای قەرەبووی مردن یا ئیصابەی مەدەنی بكەن ، كە ئەوەش بۆشاییەكی یاسایی ناوەتەوەو پێویستە پڕ بكرێتەوەو چارەسەر بكرێ ، جا لەبەر ئەوەو ، لە پێناوی ئەوەشدا كە مافی هاووڵاتیانی هەرێم بپارێزرێ و بتوانن بەپێی حوكمەكانی ئەو یاسایانەی كە كاریان پێ دەكرێ داوای قەرەبووی زەرەر و زیانی خۆیان بكەن كە لەو رووداوانەوە پەیدابوون ، ئەم بڕیارە یاساكاری كرا .

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القرار: ٢٤**
**تأريخ القرار: ٢٠٠٠/١١/١٢**

(( قرار ))

بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المرقمة (١٤) والمنعقدة بتأريخ ٢٠٠٠/١١/١٢ ، أستناداً الى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة (١٩٩٧) قررنا اصدار القانون الأتي :

## قانون رقم (٩) لسنة (٢٠٠٠)
## قانون فك إرتباط مديريات الدفاع المدني من وزارة الداخلية

**المادة الأولى :**

فك ارتباط مديريات الدفاع المدني لمحافظات الأقليم من وزارة الداخلية بكافة ميلاكاتها و سياراتها و الياتها وأجهزتها و ممتلكاتها و مراكز الأطفاء التابعة لها و ربطها بوزراة البلديات و السياحة من الناحية الوظيفة و الفنية .

**المادة الثانية :**

يحتفظ رجل الشرطة و الأطفاء بنفس رتبته و درجته الوظيفية الحالية ويطبق بحقه قانون الخدمة و التقاعد لقوى الأمن الداخلي رقم (١) لسنة ١٩٧٨ المعدل .

**المادة الثالثة :**

يبقى أرتباط منتسبي قوى الأمن الداخلي في مديريات الدفاع المدني بوزارة الداخلية من ناحية التعيين و الترقية والتقاعد والأستقالة .

**المادة الرابعة :**

يخول وزير البلديات و السياحة الصلاحية المخولة لوزير الداخلية بموجب قانون العقوبات العسكري رقم (١٣) لسنة ١٩٤٠ المعدل وقانون أصول المحاكمات العسكرية رقم (٤٤) لسنة ١٩٤١ المعدل فيما يتعلق بتوجيه العقوبات لمنتسبي قوى الأمن الداخلي في مديريات الدفاع المدني وأحالتهم الى المحاكم المختصة .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**المــادة الخامسة :**

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكـــام هــذا القانـــون .

**المــادة السادسـة :**

على الوزراء المختصين تنفيــذ أحكـام هــذا القانــون .

**المــادة الســابعة :**

ينفذ هذا القانون أعتبــاراً من تأريخ نشــره في جريــدة وقائـــــع كوردســتان .

**د. رۆژ نـــوری شــاویــس**

**رئيـس المجـلس الوطـني لكـوردسـتان العــراق**

ئـــــەرشيفى رۆژنامەی وەقايعى كــــــــوردستان

www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القرار: ٢٥**
**تأريخ القرار: ٢٠٠٠/١١/١٣**

## (( قرار ))

بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المرقمة (١٥) والمنعقدة بتأريخ ٢٠٠٠/١١/١٣ ، أستناداً الى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة (١٩٩٧) قررنا اصدار القانون الأتي :

## قانون رقم (١٠) لسنة (٢٠٠٠)
## قانون التعديل الأول لقانون وزارة الزراعة و الري
## رقم (١٠) لسنة ١٩٩٢

**المادة الأولى :**

تعدل المادة الرابعة من قانون وزارة الزراعة و الري رقم (١٠) لسنة ١٩٩٢ وتقرأ على الوجه الأتي:

**المادة الرابعة :**

تتكون تشكيلات الوزارة كالأتي :

١. مكتب الوزير .
٢. مكتب وكيل الوزارة .
٣. المديرية العامة للديوان .
٤. المديرية العامة للأراضي الزراعية .
٥. المديرية العامة للتخطيط و المتابعة .
٦. المديرية العامة للبستنة و الغابات و المراعي .
٧. المديرية العامة للبحوث والأرشاد الزراعي و التبوغ .
٨. المديرية العامة للري و الموارد المائية .
٩. المديرية العامة للثروة الحيوانية و البيطرة .
١٠. المديريات العامة للزراعة في محافظات الأقليم .

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**المــادة الثانية :**

تعدل المــادة السادسة من قانــون وزارة الزراعـة و الــري رقم (١٠) لـسنة ١٩٩٢ و تقــرأ علـى الوجــه الأتـي :

**المــادة السادسة :**

١. للوزيـر تشكيل هيئــات أو لجـان دائميـة أو مؤقتـة لتنفيذ مهام معينــة .
٢. للوزيـر أستحداث ودمج مديريـات وأقسـام وشعب كلما دعـت الحاجة الـى ذلك .
٣. تحـديد واجبـات وصلاحيـات تشكيلات الــوزارة والمديريـات العـامة و المديريات التابعـــة لهـا و الهيئـات بنظـام .

**المـــادة الثالثــة :**

تلغى شركة حفــر الأبـار الأرتوازيـــة ومراكــز البحــوث الزراعيـة والتطبيقيـة الواردة في الفقــرة التاسـعة من المــادة الرابعــة من القانــون رقـم (١٠) لـسنة ١٩٩٢ وتـــؤول ممتلكاتهـا الى وزارة الزراعــةوالــري في الأقليم .

**المـــادة الرابعــة :**

على مجلس الــوزراء تنفيــذ أحكـام هـذا القانــون .

**المـــادة الخامســة :**

ينفذ هــذا القانــون أعتبـاراً من تأريخ نشـــره في جــريـــدة وقـائـــع كوردســـتان .

**د. رۆژنــــوری شــاويــس**
**رئيـس المجـلس الوطـني لكـوردسـتان العــراق**

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القرار: ٢٧**
**تأريخ القرار: ٢٠٠٠/١١/١٥**

**(( قرار ))**

بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المرقمة (١٦) والمنعقدة بتأريخ ٢٠٠٠/١١/١٥ ، أستناداً الى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة (١٩٩٧) قررنا اصدار القانون الأتي :

## قانون رقم (١١) لسنة (٢٠٠٠)
## قانون تحديد أسعار الوحدات الكهربائية ومستلزماتها

**المادة الأولى :**

لوزير الصناعة والطاقة تحديد أسعار وحدات الكهرباء والمستلزمات الكهربائية العائدة للوزارة وتحديد اجور المحولات الكهربائية المؤجرة .

**المادة الثانية :**

تسري أحكام المادة الأولى من هذا القانون على التسعيرات السابقة والمقرة من قبل وزارة الصناعة والطاقة في حكومة الأقليم .

**المادة الثالثة :**

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة الرابعة :**

لا يعمل بأي نص يتعارض مع أحكام هذا القانون .

**المادة الخامسة :**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نوری شاویس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القرار: ٢٦**
**تأريخ القرار: ٢٠٠٠/١١/١٣**

**(( قرار ))**

بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المرقمة (١٥) و المنعقدة بتأريخ ٢٠٠٠/١١/١٣ ، أستناداً الى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة (١٩٩٧) قررنا اصدار القرار الأتي :

١. أيقاف العمل بقرار مجلس قيادة الثورة العراقي المرقم (٨١٥) في ١٩٨٢/٦/٢٠ في أقليم كوردستان – العراق .
٢. للمتضرر أو ذوي المجنى عليه في حوادث الدهس أو الوفاة بسبب المركبات مطالبة المسبب بالتعويض لدى المحاكم المختصة .
٣. يسري أحكام هذا القرار على الحوادث التي تقع بعد نفاذه .
٤. لا يعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القرار .
٥. على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار .
٦. ينفذ هذا القرار من تأريخ نشره في وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نوری شاویس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

## (( الأسباب الموجبة ))

لقد كانت المركبات بصورة عامة وقبل سحب الأدارات من قبل الحكومة المركزية مؤمنة تأميناً الزامياً بموجب القانون رقم (٥٢) لسنة ١٩٨٠ وكانت شركة التأمين الوطنية العراقية تقوم في حينه بدفع التعويضات الى المتضررين من جراء حوادث السيارات وذلك من أقساط التأمين الذي كان يدفعه مالكوا المركبات ومن النسب المحدد لها من عائدات البترول ، وبما ان شركة التأمين الوطنية العراقية كانت مؤسسة مركزية وتقوم بتمويل فروعها بالمبالغ اللازمة لتغطية تعويضات المتضررين ونظراً لأنقطاع العلاقة بين الشركة المذكورة ومكاتبها في الأقليم نتيجة سحب الأدارات وحيث أن الأقليم قد حرم من النسب المحددة لعائدات البترول ولعدم أمكانية حكومة الأقليم في الوقت الحاضر أحياء هذه الشركة للأيفاء بالتزاماتها تنفيذاً للقرار (٨١٥) في ١٩٨٢/٦/٢٠ وبما أن القرار المذكورقد منع المحاكم من سماع دعاوي المطالبة بالتعويض عن الوفاة او الأصابة المدنية وفقاً لأحكام قانون التأمين الألزامي رقم (٥٢) لسنة ١٩٨٠ مما شكل فراغاً قانونياً ينبغي معالجته ، عليه وحفاظاً لحقوق مواطني الأقليم ولتمكين قيام المتضرر بالمطالبة بالتعويض نتيجة تلك الحوادث وفق احكام القوانين النافذة فقد شرع هذا القرار .

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

## (( تعليمـات منـح الأجـازات الدراسية للمـوظـفيـن ))

لغــرض تطــوير وتنمية كفــاءة العاملين فــي أجهزة الأقليم تخصص عدد مـن الأجـازات ، الأجـازات الدراسية داخل الأقليم لمختلف الوزارات من ضمنها الشرطة و الپێشمەرگە ( الداخليـة و الپێـشمەرگە ) والـدوائر الأخــرى غـير المرتبطـة بـوزارة للحـصول علـى الـشهادة الجامعيـة الأوليـــة والعليـا وحـسب الأختصاصات المطلوبــة .( العلوم الطبيـة — العلوم الهندسـية — العلـوم الـصرفة — الــزراعة — الطب البيطــري — العلوم الأداريــة والأقتصاديــة — العلوم الأجتماعيــة — القانون والسياسة — اللغات ) وأية أختصاصات أخرى تحتاجها حكومة الأقليم ومؤسساتها ويراعى عند منح هذه الأجازات حاجة كل وزارة أو دائرة غير مرتبطة بوزارة وأمكانتها التنفيذية والحوافز الممنوحة للمشمولين وسـيحدد ذلـك مـن خـلال مفاتحة تلك الجهات لبيان أحتياجاتها وفق استمارات خاصة يعد لهذا الغرض.

وتقـوم رئاسـة مجلس الـوزراء بالتنـسيق مـع مجلـس التعلـيم العـالي والبحـث العلمـي سـنوياً بتحديـد الأختصاصات على ضوء المؤشرات التي تبينها الوزارات لأحتياجات خطط التنمية من القوى العاملـة في الأقليم وبعد ذلك تتولى مجلس التعليم العالي والبحث العلمي تزويد الوزارات بتلك التخصصات للدراسـات العليا داخل الأقليم .

تعليمات الأجــازة الدراســية في الأقليم

الظوابط العامة المشتركة لمرشحي الأجازات الدراسـية :

١. تأييـد جدارة المتقدم البدنيــة والعقلية وسلامته من الأمراض بشهادة طبية من لجنة طبيــة
٢. أن يكون من الموالين لمسيرة الحركة التحــررية الكـوردية و مؤمنا بتجربـة كوردسـتان في الحريـة والديموقراطية .
٣. يمنح المجاز دراسياً راتبه الشهري مع المخصصات المهنية أو التعليميـة طيلـة مـدة الدراسـة عـدا الحالات اتي نصت عليها هذه التعليمات على أن لا تجمع المخصات — المهنية والتعليمية مع مخصصات طلبة الجامعات أو المعاهد .
٤. للوزير منح الموظف الـذي لم تمـنح أجـازة دراسـية لأي سـبب ويرغـب أكمـال دراسـته الجامعيـة الأولية أو العليا أجازة بدون راتب للمدة التي يقتضيه اكمال الدراسة .

### شروط القبــول بـالدراسات العليا — دبلوم عـالي — ماجستير — دكنوراه :

١. أن لايتجاوز عمر الموظـف المجـاز للحـصول علـى شـهادة الـدبلوم العـالي والماجـستير عـن (٤٥) سنةوالدكتوراه عن (٥٠) سـنة .
٢. أن يكون حاصلاً على الشهادة الجامعية الأولية (البكالوريوس) أو مايعادلها .

ئــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣. أن يجتاز الأختبارات والأمتحانات النظـرية والعملية التي تجريها جهــة القبول بنجاح.

٤. يقبل المرشح عند المنافسة على أساس الكفاءة والمقــدرة .

٥. يقدم تعهداً خطياً بالعمل لدى الجهــة التي رشحته ضعفي المدة التي قضاها لنيل الشهادة .

٦. يقدم كفالة ضامنة مصدقة من كاتب العدل بمبلغ عشـرة الأف دينار لكـل سـنة دراسـية للـدبلوم العالي والماجستير – وعشرون الف دينار لكل سنة الدكتوراه .

٧. تسري على الموظف المجاز لنيل الشهادات العليا أحــكام المـواد (٣-٤-٦-٧-٨-٩-١٠-١١) الخاص بشروط الموظف المجــاز لنيل الشهادات الجامعية الأوليــة أو الدبلــوم .

## أحــكــام عـــامـــة

١. لايشترط أية خدمة وظيفية لألتحاق الموظف بالأجازة الدراسية مـن الـراغبين في اكمـال دراسـاتهم العليا ويكونون مشمولين بالقوانين والأنظمة والتعليمات المرعية والمعمول بها سابقاً

٢. يخضع الموظفون المجازون دراسياً للقوانين والأنظمة السارية عند ترشيحهم للبعثات الدراسـية أو الزمالات خارج الأقليم .

٣. أن يكون قد اكمل أحدى المراحل الدراسية التالية .

أ- الدراسة الأعدادية في أحدى المدارس العراقيــة – أو الأقليم – أو ما يعادلها .

ب- الدراسة العليا دبلوم اولي ( بكالوريوس ) دبلوم عالي أو الدراسة العليـا – ماجـستير مـن مؤسسة علمية معترف بها .

٤. أن يكون لطالب الأجازة خدمة وظيفية فعلية في الدوائر والمؤسسات الرسميـة لا تقـل عـن سـنتين بعد أخر شهادة حصل عليها على أن تؤيد دائرته مدة الخدمة وعدم الممناعة وتصادق عليه الـوزارة . ويستثنى من ذلـك خريجـوا الدراسـة الأعداديـة أو الـدبلوم مـن المتقـدمين للحـصول علـى شـهادة البكالوريوس .

٥. أن يكون لموضوع دراسته علاقة بواجبات وظيفته أو أختصاص وزارته العلمية أو العملية

٦. يقدم تعهداً خطياً بالعمل لدى الجهة التي رشحته ضعفي المدة التي قضاها لنيل الشهادة .

٧. تكون المفاضلة بين المرشحين من قبل الوزارة على اساس الكفاءة والمقدرة ومـن ذوي الخـبرة أو المعدلات العالية وفق الأسس التي تقرها الجامعات في الأقليم .

**شروط القبول بالجامعات والمعاهد الفنيــة داخل الأقليم لنيل البكالوريوس أو الدبلوم :**

ئــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كــــوردستان

١. يقدم كفالة ضامنة مصدقة من كاتب عدل بمبلغ (٥٠٠٠) الأف دينار لكل سنة دراسية .

www.mojkurdistan.com

٢. للوزير المختص منح الموظف بعد توفر الشروط أجازة دراسية داخل الأقليم وبراتب تام لمدة :

أ– سنتين للحصول على شهادة دبلوم بعد الدراسة الأعدادية .

ب–أربع سنوات للحصول على شهادة جامعية اولية بعد الدراسة الأعدادية .

ج– يمنح المعلمون والمعلمات من خريجي معهد أعداد المعلمين والمعلمات ومعهد المعلمين المركزي أجازة دراسية وفق الأسس المذكورة أعلاه ولوزير التربية اصدار التعليمات بكيفية الترشيح .

٣. تعتبر مدة الأجازة الدراسية الممنوحة للموظف خدمة فعلية لكافة الأغراض .

٤. في حالة رسوب طالب الأجازة لسنة واحدة يصرف له رواتبه على أساس السلفة وتعتبر المدة التي سلف عنها بسبب ذلك اجازة بدون راتب ولاتحسب سنة الرسوب وكذلك سنة التمديد ( اذا كان بسبب الفشل أو تقصير المجاز ) لغرض العلاوة والترفيع والتقاعد .

٥. يلغى ترشيح مانح الأجازة في حالة عدم التحاقه بالدارسة خلال مدة شهرين من تأريخ الدراسة أو ابرام العقد أو ايهما اسبق الأ اذا ثبت أن عدم التحاقه كان بعذر مشروع ومؤيد من جهة مختصة ذات علاقة .

٦. اذا فشل الموظف المجاز في دراسته لأي سبب كان ولم يحصل على الشهادة المتعاقد عليها خلال المدة المحددة بموجب القانون يتحمل النفقات الدراسية التي صرفت عليه أثناء دراسته عدا رواتب وظيفته وتقوم الوزارة باستردادها منه ولاتحتسب مدة دراسته لغرض العلاوة والترفيع و التقاعد ويستثنى من ذلك الفشل بسبب المرض المانع و المؤيد من لجنة طبية رسمية مختصة .

٧. يجوز منح الموظف أجازة دراسية ثانية اذا أنهى اجازته الدراسية الأول بنجاح لغرض الحصول على شهادة أعلى .

٨. تقوم الوزارة المختصة أو الجهة غير المرتبطة بوزارة تنظيم صيغة الكفالة أو التعهد لغرض الحصول على شهادة أعلى .

٩. يبرم عقد بين الوزارة أو الجهة التي رشحته للأجازة وبين الموظف المجاز تحدد فيه التزامات كل طرف .

١٠. اذا اخل المجاز بتعهده أو بالعقد المبرم يلتزم بتسديد مبلغ الكفالة الى خزينة الأقليم دون الحاجة الى أنذار أو مراجعة المحاكم .

١١. لرئيس مجلس الوزراء أو من يخوله من الوزير المختص صلاحية تمديد الأجازات الدراسية للموظفين ممن أستنفدوا الأجازات المقررة لهم قانوناً في حالة تطلب الدراسة ذلك لأي سبب كان .

**سامي عبدالرحمن**
**نائب رئيس مجلس الوزراء**

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com